مەسرور بارزانی بۆیاریدا تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەران لە 63 ساڵەوە بۆ 60 ساڵ کەمبکرێتەوە



مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆیاریدا، تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەران لە 63 ساڵەوە بۆ 60 ساڵ کەمبکرێتەوە و خانەنشینی ئارەزومەندانەش لەبری 15 ساڵ بکرێت بە 25 ساڵی خزمەتکردن.

بەگوێرەی فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کە واژێی مەسرور بارزانی لەسەرە تێیدا هاتوە، لەبەر ڕۆژناشیی بۆیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 259 لەکێبونەوەی ئاسایی ژمارە 135 لە 3ی (تەمموز/7)ی 2024 و پشت بەستن بەبۆیاری دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بەجێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتو، ژمارە 9ی ساڵی 2014ی هەموارکراو، ئاماژە بەراپۆرتی تیمی هاوبەشی وردبینی هەردو دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی و هەرێم لە ڕۆژی 17ی (تشرینی یەکەم/10)ی 2023 تایبەت بەئەنجامی چاودێری و وردبینی ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سودمەندانی چاودێری کەمەڵایەتی، بۆیارماندا تەمەنی خانەنشینی سەرجەم فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان بکرێتە دوای تەواوکردنی تەمەنی 60 ساڵی، هەر فەرمانبەرێك بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ تەمەنی 60 ساڵی تەواو کردبێت، پێویستە دەستبەجێ

هەواڵەی خانەنشینی بکرێت.

هەر بەگوێرەی فەرمانەکەی سەرۆك وەزیرانی هەرێم، بێ کەسێك ئەگەر بیەوێت بەشێوەی ئارەزومەندانە داواکاری خانەنشینی پیشکەشبکات، دەبێت 25 ساڵ خزمەتی هەبێت، لەکاتێکدا پێشتر خانەنشینی ئارەزومەندانە 15 ساڵ خزمەتکردن بو، هەروەها تەمەنی ئارەزومەندانەش لە 45 ساڵەوە دەکرێتە 50 ساڵ، واتا ئەگەر کەسێك بیەوێت بەخواستی خۆی، خۆی خانەنشین بکات تەمەن 25 ساڵ خزمەتی هەبێت و تەمەنیشی لە 50 ساڵ کەمتر نەبێت.

لێنوسراوەکەدا ئاوەشخراوەتەو، گشت وەزارەت و لایەنەکانی نێبستراو بەوزارەت پێویستە پابەندبن بەبەرزنەکردنەوەی پێشنیاری داوای درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی بە فەرمانبەرانیان بە سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەبەرئەوەی درێژکردنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لەکاتی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی هەوەشاوەتەوە.

ئەوەش لەکاتێکدایە، لەئێستادا هەووەك لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەستیپێکردوە بەئەوەی کە تەمەنی خانەنشینی لە 60 ساڵەوە بکرێتە 63 ساڵ.